# ئەنفال چۆن بە گوندی عەلیان کرد؟!

سمکۆ سابیر



ئەگەرچی بیستوشەش ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفال دا تێپەڕیووە، بەلاّم هێشتا کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بەگشتیو ئەو ناوچانەی شالاّوەکانی تێدا ئەنجامدراوە هەستی پێدەکرێت. بەتایبەتیش قۆناغی سێ ی ئەنفال کە دەڤەری گەرمیانی گرتەوە. لەوقۆناغە ترسناکەدا بەدەیان هەزار مرۆڤو سروشتی ناوچەکە لەگەڵ زیندەوەرەکانی ئەنفال دەکرێت .

عەلیان یەکێك لەوگوندانەی کەدەستی ئەو تاوانەی بەسەختی پێگەیشتووەو بەعس خاپورو وێرانی کردو نزیکەی سەدو بیست کەسی بێدیفاعی لێ ئەنفالکرد.گوندی عەلیان تەنها بیست کیلۆمەتر لە باکوری قەزای کفرییەوە دورە و کەوتۆتە سەر رێگای سەرەکی ژمارەیەك گوندی تری ناوچەکەو زێدی تیرەو هۆزەکانی داودەو جافو زەنگنە. ئەو گوندە بەرلەوەی ئەنفال بکرێت، نزیکەی 25 ماڵی تێدابووە و زۆربەی کەسوکارو خزمی یەکتر بوون و ژیانێکی سادە وجوتیارانەیان بردۆتەسەر. رژێمی بەعس لە ساڵی 1988 بەرلە شالاّوەکە بڕیاریداوە خوێندنگاکان دابخات و مامۆستاکانی ئەو گوندانەش پاشەکشە پێبکات بۆئەوەی نە خوێندەواری بکات بەدیاردەو هیچ کەس خوێندەواری نەبێت ئەوەش بە بیانوی ئەوەی ئەوگوندانە گوێڕایەڵی بڕیارو فەرمانەکانی بەعس نین‌ولەبری ئەوە دەبێت سزا بدرێن. بەلاّم دواتر بە بڕیاری شۆڕش کادیری خوێندەوار بۆئەوگوندانە دابین دەکرێتو ناویان لێدەندرێت مامۆستای شۆڕش ئەو پرۆسەیەش تاکاتی شالاّوی ئەنفال درێژەی دەبێت. گوندی عەلیانیش مامۆستای شۆڕشی بۆ دادەندرێتو پرۆسەی خوێندنی تێدا بەردەوام دەبێت.

گوندی عەلیان 111 کەسی ئەنفالکراوەو کەسێکیشی لە شالاّوە کە دەربازبووە بەناوی (ئەحمەد عەلی ئەحمەد خەلیل) ناسراو بەحەمە عەلی عەلیان، بەلاّم دواترلە 1993/12/26 لەشەڕی ناوەخۆ شەهید دەبێت. بەشەهید بوونی ئەو دەربازبووەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی ئەنفال، میللەتی کورد بۆ هەتایە کەسێکی گرنگی وەکو حەمە عەلی عەلیان لەدەستدەدات کەبەڵگەیەکی تربوو بۆزیندوو هێشتنەوەو مانەوەی حیکایەتی تاوانی ئەنفال کە بەچاوی خۆی بینیبوی خەڵکی کوردستان چۆن دەبرێنە بیابانەکان لەوێ کۆمەڵکوژ دەکرێن.ئەو قوربانییەی شەری نێوخۆ بەشێوەیەك دەربازببووە کە شایانی باسکردنەو جارێکی ترو دەیان جار بۆخوێنەری

کورد بخرێتەوە بەردیدەی،وردەکاری حەمە عەلی عەلیان پێشتریش لەژمارە (8) ی گۆڤاری ئەنفالستان بـەدوروو درێژی باسی لێوەکراوە بەڵاَم باسـکردنەوەی ئـەو کەسـانەگرنگیی‌و تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـەو ناکرێـت فـەرامۆش بکرێت. بەشێك لە باسکردنەکەشی گۆڤاری ئەنفالستان بەو شێوەیەیە:

چیرۆکی دەربازبوونەکەی حەمە عەلی

حەمەعەلی لە دایکبوی ساڵی 1956دانیشـتوی گونـدی(عـەلیانی بچـوك)ی سـەر بـە ناحیـەی تیلەکۆیـە، لـە ناوەڕاستی نیسانی 1988ئەنفال کراوە ئەوکات مێردی دووژن وباوکی ( 7) منداڵ بووە . لەگەڵ منـاڵەکانی لە توپزاوە لە یەك جیاکراونەوە، ئیتر جـارێکی تـر یـەکتریان نەبینیـەوە، چـونکە هیچـکامیان نەگەڕانـەوە .هـەر لـە عەلیانـەوە بەسـواری تراکتۆرەکـەی خـۆی بـراون بـو قـەڵاَی قۆرەتـووی بارەگـای فرقـەی 21.دوای سـێ ڕۆژ لـە



دەستبەسەرکردنیان بـەزیلی سـەربازی بـراون بۆتـوبزاواو لـەوێ جیاکرانەوە دوای دوورۆژ بـراون بـۆ بیابـانی پارێزگـای موسـل (شوێنی کۆمـەڵکوژی)ئـەنفال کـراون ، لـە قـەراغی گـۆرێکی بەکۆمـەڵی ناوچـەی حـەزەری پارێزگـای موسـڵ، حەمـە عـەلی هەڵاَتوەو ڕزگاری بـووە. مـاوەی شـەش کاتـژمێر ڕێگـا بەسـەر ڕێگایـەکی قـیردا بـووەو مـاوەی کاتـژمیرێکیش بەڕێگایـەکی هەڵبەزوو دابەزی خوڵدا بردویانن لەگەڵ وەستانی کاروانەکـەدا ئۆتۆمبێڵەکان هێشتا دەنگی مەکینەکانیان دەهات کە گـوێی لـە دەنگـی تـە قـە بووە،سـەربازەکان هـاتوون و بـەپاڵ دایـان گرتونەتە خوارەوە، هەرکە پشکنین تەواو بوو بە پـەتیکی دریـژ دەستی 18کەسیان پێکەوە بەستەوە، پاشان فەرمانیان پێ دان لە لێواری چاڵێکی هەڵکەندراو بووەستن، بۆگوللە بـارانکردن . لەوەدا بەخت یـاوەری بـوو کـە گرێـی پەتەکـەی دەسـتی شـل بەسـترا بـوو پێشـئەوەی تەقـەی لی بکـەن حەمەعـەلی رایکردوە،سـەیر لـەوە دا بـوو کەکـەس دوای نەکـەوت دیـارە جـەلادەکان بەگـەرمی سـەر قـاڵی لەکۆڵکردنـەوەی ئەوانـەی تربوون هەرگیز بەخەیاڵیاندا نەهاتووە کەسێك رزگاری بیت. هەر ئەوشەوە لە چاڵەکانی مەرگ دورکەوتـەوە، بـێ هیچ خواردنیك، چوار ڕۆژ بەترس و شڵە ژانەوە لە بیاباندا بە برینداری ڕێگەی بڕیوە،هـەتا بەناچـاری وترسـیکی زۆرەوە خۆی بەگوندێکداکردوە لەو گوندەدا خـەڵکی لێـی کۆبوونـەوە و بەسەرسـوڕمانەوە تەماشـایان کـردوە بـە هەموویان لیانداوەو ئەزیەتیانداوە ،پاشان دراوەتە دەست پۆلیس و جارێکیتر خراوەتەوە زیندان، پەتپـەتێنی زۆری پێکراوەو سـەرئەنجام ڕزگـاری بـووە. بەسـەر هـاتی حەمەعـەلی وەکـو ئـەوانی تـر لێـرە لەگێڕانـەوە نایـات. ئـەوە کورتەیەکی ئەو دەربازبوونەبوو.کەبێگومـان بە نوسـینەوەی هـەزاران ناتوانـدرێت ئـەو دیمەنانـەی حەمـە عـەلی و ئازارەکانی ئەنفالکردنی ژن‌و منـاڵ‌و کەسـوکارەکانی گوزارشـتێکی راسـتەقینە بکرێـت کەئـەو وێنایـە بێنێتـە بەرچاوی خوێنەری کورد.

# ناوی ئەنفالکراوانی گوندی عەلیان

| زنجیره | ناوی سیانی | | زنجیره | ناوی سیانی | |
|---|---|---|---|---|---|
| .1 | پرشنك محەمەد ستار | | .59 | سەیوان محەمەد حەسەن | |
| .2 | ئیسماعیل عەلی محەمەد | | .60 | جەبار حەمید وەهاب | |
| .3 | نەسرین عەلی محەمەد | | .61 | غریبە ئەحمەد گوڵێ | |
| .4 | هێمن عەلی محەمەد | | .62 | ستار جەبار حەمید | |
| .5 | هیوا عەلی محەمەد | | .63 | کیژان جەبار حەمید | |
| .6 | پەروین عەلی محەمەد | | .64 | جلال جەبار حەمید | |
| .7 | مەحمود عەلی محەمەد | | .65 | سردار جەبار حەمید | |
| .8 | حەمە سالح محەمەد | | .66 | دارا جەبار حەمید | |
| .9 | حەسەن عەلی محەمەد | | .67 | گەلاوێژ جەبار حەمید | |
| .10 | حسێن عەلی محەمەد | | .68 | سارا جەبار حەمید | |
| .11 | محەمەد عەلی محەمەد | | .69 | شیلان جەبار حەمید | |
| .12 | حەمید عەلی محەمەد | | .70 | ئیبراهیم حەسەن محەمەد | |
| .13 | فەهیمەئیبراهیم عەلی | | .71 | بەهیە رەشید قادر | |
| .14 | شنۆ حەسەن عەلی | | .72 | هێمن ئیبراهیم حەمید | |
| .15 | کاوە حەسەن عەلی | | .73 | هیوا ئیبراهیم حەمید | |
| .16 | نەجم محەمەد عەلی | | .74 | حەمید حەسەن محەمەد | |
| .17 | شنۆ حسێن عەلی | | .75 | حەلاو عەلی حسێن | |
| .18 | عەلی رەشید عەزیز | | .76 | کاوە حمید حسن | |
| .19 | ئەحمەد رەشید عەزیز | | .77 | پەرژین حەمید حەسەن | |
| .20 | مەلیحە رەشید عەزیز | | .78 | رەمەزان فەتاح عەزیز | |
| .21 | تەلیعە رەشید عەزیز | | .79 | بێگەرد عەبدوللا عەلی | |
| .22 | فەهیمە عەلی بەدەن | | .80 | ئاوات رەمەزان فەتاح | |
| .23 | بەهییە ئەحمەد محەمەد | | .81 | بەفراو فەرەج عەلی | |
| .24 | نەهیەئەحمەد محەمەد | | .82 | هیوا صالح هلاج | |
| .25 | رەحمە ئیبراهیم حەمەد | | .83 | کوردستان صالح هەلاج | |
| .26 | گوڵباخ ئەحمەد محەمەد | | .84 | رێبەر صالح هەلاج | |
| .27 | هێرۆ ئەحمەد محەمەد | | .85 | گەرمیان صالح هەلاج | |
| .28 | محەمەد ئەحمەد محەمەد | | .86 | کاروان صالح هەلاج | |
| .29 | یەمەن فائق قادر | | .87 | شاخەوان صالح هەلاج | |
| .30 | ئەسکەندەر محمد احمد | | .88 | حەسەن محەمەد ئەمین | |
| .31 | شۆرش محەمەد ئەحمەد | | .89 | ئەختەر تاهیر عەزیز | |
| .32 | سالح خورشید محەمەد | | .90 | دلبەر حەسەن محەمەد | |
| .33 | جبرائیل خورشید محەمەد | | .91 | عوسمان حەسەن محەمەد | |
| .34 | مەلیعە محەمەد عەزیز | | .92 | رەنجدەر حەسەن محەمەد | |
| .35 | ئەحمەد سالح خورشید | | .93 | شنۆ حەسەن محەمەد | |
| .36 | محەمەد سالح خورشید | | .94 | ئاوات حەسەن محەمەد | |
| .37 | پەروین سالح خورشید | | .95 | قادر حسێن محەمەد | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 38. | نازدار صالّح خورشید | | 96. | جەمیلە عەبدولقادر صالّح | |
| 39. | حەسەن عەلی محەمەد | | 97. | ئاسو قادر حسێن | |
| 40. | مەحمود عەلی محەمەد | | 98. | ئاکو قادر حسێن | |
| 41. | بەیان سەمین حەمە ئەمین | | 99. | ملکۆ قادر حسێن | |
| 42. | خەیاڵ محەمەد محەمەد عەلی | | 100. | شاخەوان قادر حسێن | |
| 43. | سەلام سەمین حەمە ئەمین | | 101. | محەمەد حسێن محەمەد | |
| 44. | سەرگوڵ عەلی حسێن | | 102. | فکریە حەسەن مەحمود | |
| 45. | بێگەرد سەلام سەمین | | 103. | نازدار محەمەد حسێن | |
| 46. | ئەمین سەمین حەمە ئەمین | | 104. | عەباس حسێن محەمەد | |
| 47. | شوکریە محەمەد کەریم | | 105. | حەمید حسێن محەمەد | |
| 48. | سامان ئەمین سەمین | | 106. | محەمەد فەرەج (حەمەشۆخ) | |
| 49. | سۆران ئەمین سەمین | | 107. | فاتیمە حەمەغەریب زاهیر | |
| 50. | هێرۆ ئەمین سەمین | | 108. | سەرکەوت محەمەد فەرەج | |
| 51. | سۆما ئەمین سەمین | | 109. | شیلان محەمەد فەرەج | |
| 52. | حەمدیە خورشید محەمەد | | 110. | کۆسرەت محەمەد فەرەج | |
| 53. | نەجمەدین محەمەد حەسەن | | 111. | سەردار محەمەد فەرەج | |
| 54. | عزەدین محەمەد حەسەن | | | | |
| 55. | نەصرەدین محەمەد حەسەن | | | | |
| 56. | شوکر محەمەد حەسەن | | | | |
| 57. | عەلی محەمەد حەسەن | | | | |
| 58. | قانع محەمەد حەسەن | | | | |